# کلامیدیا، زانیاریی بۆ نەخۆش

## ئایا بۆچی من ئەم زانیارییەم وەرگرتوە؟

تۆ تووشی پەتای کلامیدیا بوویت یان گومانت لێ ئەکرێت کە تووش بوو‌بیت. لێرەدا زانیاریی لەبارەی کلامیدیا ، چۆنێتی چارەسەرکردنی چڵکگرتنەکە و ئایا تۆ پێویستە چی بکەیت، دەستدەکەوێت.

## ئایا کلامیدیا چییە؟

کلامیدیا نەخۆشییەکی ئاساییە کە بە هۆکاری بەکتریا پەیدا ئەبێت. کلامیدیا ئەکرێت لەناو بۆری میزدا، زێ و/ یان لە کۆمدا هەبێت ئەگەر تۆ تووشی پەتا بوو‌بیت. جاروبار لەوانەیە لەناو قورگدا بێت.

### ئایا من هەستی پێ ئەکەم کە تووشی کلامیدیا بووم؟

زۆرینەی تووشبوەکان هیچ کۆنیشانەی نەخۆشییان پێوە دیار نییە، واتە تۆ هەست ناکەیت کە چڵککردنت هەبێت. تۆ ئەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژ، جاروبار چەندین ساڵان کلامیدیات هەبووبێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت.

هەندێک ئەکرێت لە کاتی میزکردندا هەست بە تۆزێک کزانەوە بکەن.

ئافرەتان ئەکرێت دەردانی تێکەڵاو بە خوێنیان هەبێت و/ یان ئازاری بەشی خوارەوەی سک. پیاوان ئەکرێت دەردانی ڕوونی سپیباو لە بۆریی میزکردنیانەوە بێتە دەرەوە و ئازاری گون. دەردان ئەکرێت لە کۆمەوە بێتە دەرێ ئەگەر تۆ جووتبوونی سێکسیت لە کۆمەوە کردبێت.

### ئایا کلامیدیا مەترسیدارە؟

ئافرەتان ئەکرێت بەبێ چارسەری زیان بە بۆریەکانی هێلکەیان بکەوێت و بەمەش دژوارتر ئەبێت کە دووگیان بن. ئەمە ئەکرێت /یاخود ببێتە هۆکاری گەشەکردنی کۆرپەلە لە دەرەوەی منداڵدان (دووگیانی لەدەرەوەی منداڵدان). پیاو ئەکرێت کە تووشی چڵککردن لەسەر هێلکەگونۆکە بێت. کلامیدیا ئەکرێت ببێت بە چڵککردنی چاویش و جاروبار ئازاری جومگە.

## ئایا کلامیدیا چۆن تەشەنا ئەکات؟

کلامیدیا بەر لەهەرشتێک لەرێگەی جووتبوونی سێکسی نەپارێزراو لە ڕیگای زێوە، کۆمەوە یان سێکس بەدەم تەشەنا ئەکات. ئەکرێت لە ڕێگای دەستپێداهێنانی سێکسی و یاریبازی سێکسی تەشەنا بکات. کلامیدیا تەنانەت ئەگەر هیچ کۆنیشانێکیشت نەبێت زۆر تەشەنەکارە.

تۆ بەرهەڵستدار نابیت دژی کلامیدیا و بەم هۆکارە ئەکرێت چەندجارێک تووشی کلامیدیا ببیت.

کلامیدیا لە ڕێگای جلوبەرگەوە، خاولی یان تواڵێتەوە بڵاو **نا**بێتەوە.

## ئایا چۆن چارەسەری کلامیدیا ئەکرێت و ئایا تا ماوەی چەند من پەتاکەم هەیە؟

کلامیدیا بە ئەنتیبایۆتیک (حەب) چارەسەر ئەکرێت. چارەسەرکردنەکە بەخۆڕاییە. چڵککردنەکە نامێنێت ئەگەر تۆ حەبەکان بخۆییت و لەسەر ئەو ئامۆژگاریانە بڕۆیت کە وەرتگرتووە. دە ڕۆژ پاش دەستپێکردن بە حەبی ئەنتیبایۆتیک، ئیتر تۆ چی تر پەتات نییە. ئەگەر تۆ دەرمانەکانت خواردبێت ئیتر پێویست ناکات تاقیکردنەوەی نوێ بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت داخوا پەتاکە ماوە یان نا. بەڵام ئەگەر تۆ دووگیانیت ئەوا ئەبێت نموونەوەرگرتنی تازە بکەیت.

## ئایا ئەبێت من بیر لەچی بکەمەوە بۆ ئەوەی کەسانی تر تووش نەکەم؟

کلامیدیا نەخۆشییەکی مەترسیدارە بۆ سەر هەمووان بە پێیی یاسای پاراستن لە پەتا. بۆئەوەی کەسانی تر تووش نەکەیت، ئەبێت تۆ کە پەتات گرتووە یان گومانت لێ ئەکرێت تووشی کلامیدیا بوو‌بیت، لەسەر هەندێک ڕێسای دیاریکراو بڕۆییت، ناوبراو بە ڕێساگەلی هەڵسوکەوت.

**ڕێساگەلی هەڵسوکەوت**

- تۆ ئەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی سێکس ئەکەیت، باسی بکەیت کە تۆ کلامیدیات هەیە/ یان لەوانەیە هەتبێت.
- تۆ ئەبێت پارێزە (کۆندۆم) بەکاربهێنیت ئەگەر سێکس ئەکەیت بەرلەوەی چارەکردنەکەت/ نموونەوەرگرتن تەواو ئەبێت.
- تۆ ئەبێت بۆ سەردانەوە بێیت ئەگەر هاندرایت کە بیکەیت.

ئەگەر تۆ ڕێساگەلی هەڵسوکەوتکردنت وەرگرتوە، کە تۆ پێتوایە هەڵەیە، ئەوا ئەتوانیت پەیوەدنیی بە دوکتۆری پاراستن لە پەتا لە هەرێمەکەی خۆت بکەیت.

کاتێک کە تۆ کلامیدیات هەیە، نابێت تووشکردنی کەسانی تر بخەیتە مەترسییەوە. دڵنیاترین ڕێگە ئەوەیە کە هەتا ١٠ ڕۆژ لە دەستپێکردن بە حەبەکانی ئەنتیبایۆتیک جووتبوونی سێکسی یان هەر جۆرێکی تر لە سێکس نەکەیت. ئەگەر سەرباری ئەوە سێکس بکەیت ئەوا ئەبێت بۆ ئەو کەسەی سێکست لەگەڵدا هەیە باسی بکەیت کە تۆ کلامیدیات هەیە و کە ئەبێت ئێوە پارێزە (کۆندۆم) بەکاربهێنن.

## شوێنپێهەڵگرتنی پەتا

گرنگە دۆزینەوەی ئەو کەسانە بکرێت کە کلامیدیایان هەیە تاوەکو چارەسەری وەربگرن، لەلایەک بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی زیان (بڕوانە لای سەرەوە)، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی چڵکگرتنەکە تەشەنە نەکات بۆ کەسانی زیاتر.

بەپێی یاسای پاراستن لە پەتا، ئەبێت تۆ بەشداریی بکەیت لە شوێنپێهەڵگرتی پەتا. بەواتا تۆ ئەبێت زانیاریی بدەیت بە شوێنپێهەڵگرەکە بەوەی کە تۆ سێکست لەگەڵ کێدا هەبووە. جاروبار وا پێویست ئەکات کە مرۆڤ وا دوور بڕوات تا ساڵێک لەمەوبەر.

ئەوەی تۆ باسی ئەکەیت بە نهێنی دەپارێزرێت (نهێنییە) و ئەو کەسانەی تۆ باسیان ئەکەیت نازانن کە تۆ کێیت. ئەوان تەنها ئەوە ئەزانن کە ئەبێت خۆیان بخەنە ژێر تاقیکردنەوە. زانیارییەکان لە ناو تۆمارنامەی پزیشکیەکەشتدا نانووسرێن، بەڵکو لەناو بەڵگەنامەیەکی تایبەتدا کە پێیّ دەوترێت شوێنپێهەڵگرتنی پەتا.

## زانیاریی زیاتر

زانیاری زیاتر لەسەر کلامیدیا لە 1177، Youmo (بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 13 بۆ 20 ساڵدایە و زانیارییان بە زمانێکی تر دەوێت) و UMO (پێشوازگەی ئۆنلاینی گەنجان) بەردەستە.

www.1177.se    www.youmo.se    www.umo.se

## لەبارەی پەڕەی پارێزە لە پەتا

پەڕەی پارێزە لە پەتا لەلایەن کۆمەڵەی دوکتۆرانی پاراستن لە پەتا هێنراوەتە بەرهەم و لەسەر ئاستی نیشتمانیدا کاری پێدەکرێت.